# فرهنگ کهن کرد (ابومسلم کرد گوران از منطقه پهلویان)

هیاس محمود کاکه‌یی[۱]

تاریخ دریافت: ۱۳۹۹/۰۸/۰۳ تاریخ پذیرش: ۱۳۹۹/۱۱/۱۵

**چکیده**

ابومسلم یکی از کردهای گورانی سرزمین پهلویان در نزدیکی‌های اصفهان است. قیام او در جغرافیای وسیع ایران (ماد و پارس) پیش از آنکه سیاسی باشد یک جنبش آیینی باطنی برای احیاء فرهنگ کهن کردی بود، که در مقابل خلافت امویان به علتی برای استقرار خلافت عباسی تبدیل شد. به همین دلیل عباسییان به ابومسلم اطمینان خاطر پیدا کردند و او را والی خراسان کردند، که در مدت اندکی هواداران زیادی دور او جمع شدند. عباسییان از آن وضعیتی که ابومسلم فراهم آورده بود هراس پیدا می‌کنند که مبادا حرجی بر خلافت و موجودیتشان وارد شود. به همین دلیل خلیفه با لطایف الحیل او را به دارالخلافه کشاند و او را از میان برداشت. شعر ابودلامه که در مورد ابومسلم و در حضور خلیفه عنوان کرده بود کرد بودن ابومسلم و جنبش او را به اثباط میرساند. هر چند ابومسلم از میان برداشته شد، اما فکر و اندیشه‌ی انقلابی او تداوم داشت و به شکل و شیوه‌های مختلف و گاه با شدت بیشتر نمود پیدا میکرد که آثار آن تا کنون نیز پابرجاست.

**کلید واژه:** کرد، ابومسلم، کردستان، جبال، سیاه جامگان، دونادون.

[۱] پژوهشگر زبان و ادبیات پارسان. hayyas.kakay@yahoo.com

# کولتووری دێرینی کورد (ئەبوموسلیم کوردێکی گۆران لە ناوچەی پەهڵەویان)

هەیاس مەحمود کاکەیی[١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١٠/٢٤ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢١/٠٢/٠٣

**پوختە**

ئەبو موسلیم کوردێکی گۆرانی خەلکی پەهڵەوییان لە تەنیشت ئیسفەهان بوو، بزووتنەوەکەی بزووتنەوەیەکی ئایینی نهێنی بوو بۆ زیندووکردنەوەی کولتووری دێرینی کورد بوو، پێش ئەوەی سیاسی بێت. لە پانتایی ئێران (وڵاتی ماد و پارس)، دژ بە خیلافەتی ئەمەوییەکان و بووە هۆی دامەزراندنی خیلافەتی عەباسی. بۆیە عەباسییەکان متمانەیان بە ئەبو موسلیم هەبوو و کردیانە والیی خۆراسان، کە لە ماوەیەکی کەمدا هەواداران و لایەنگرانی زۆر بوون. عەباسییەکان لەو بارودۆخەی ئەبوموسلیم و بزووتنەوەکەی ترسان کە ببێتە گرفت بۆ خیلافەتەکەیان و ببێتە هۆی لەناوچوونیان. بۆیە خەلیفە بە فێڵ هێنایە "دار الخلافە" و لەوێ لەناوی برد. شیعرێکی ئەبو دەلامە  لە حزوری خەلیفەدا بە ڕووی ئەبو موسلیمی گوتووە کوردبوونی ئەبو موسلیم و بزووتنەوەکەی دەسەلمێنێت، هەرچەندە ئەبو موسلیم لەناو برا، بەڵام پاش خۆی بیروباوەڕی بزووتنەوەکەی بە تاوی بتەوتر و بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەبوو ، کە ئاسەواری تا ئیستاش بەردەوامە.

**کلیل وشە:** کورد، ئەبوموسلم، کوردستان، جبال، سیاە جامکان، دۆنادۆن.

The Quarterly Journal of Shinrwe

١- لێکۆڵەر و نووسەر لە بواری مێژوو و ئەدەبیاتی یارسان. hayyas.kakay@yahoo.com

# Ancient Kurdish culture (Abu Muslim, A Gurani Kurd in the land of the Pahlavian)

Hayyas Mahmood Kakay [1]

Recive data: 2020/10/24 Accpte data: 2021/02/03

**Abstract:**
Abu Muslim was one of the Gurani Kurd, who was came from Pahlavian region nearby Isfahan. His uprising in the vast area of Iran (Media and Persia) before being a political movement was an esoteric religious movement, intended to revive ancient Kurdish culture, he was against the Umayyad caliphate, supported the establishment of the Abbasid caliphate. For this reason, the Abbasids trusted him and appointed him as the governor of Khorasan, where in a short time many people supported him. The Abbasids were afraid of the situation that Abu Muslim created which might pose a threat and damage the existence caliphate. For this reason, the flattered him to deceive and requested him to come to Dar al-Khalafah and killed him. Abu Dalama's poem about Abu Muslim which he read it in the presence of the caliph, shows that the origin of Abu Muslim was Kurd and the existence of his movement. Although Abu Muslim was eliminated, but his revolutionary thought continued in various forms and ways, sometimes it was more intense, in a way that its impact is still effective.

**Keywords:** Kurd, Abu Muslim, Kurdistan, Zagros residents, Siaah Jaamegan, Metempsychosis.

1- Author and researcher of Yaresan language and literature. hayyas.kakay@yahoo.com

## ناوەڕۆک

بە درێژایی مێژوو کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بووەتە چەقی ململانێی ئیمپراتۆرییەتەکان و ئەو وڵاتانەی دەوروبەری، یان هەر خۆی بەشێک بووە لەو ململانێیانەی ڕوویان داوە. هەر لە پاش نەمانی دەسەڵاتی میدییەکانەوە تا دەگاتە ئەم سەردەمەش، کە بووەتە هۆی زەرەر و زیانێکی زۆری خاک و نیشتمان و دانیشتووانەکەی، لە سێ ساڵی سەرەتای سەدەی حەوتەم (٦٠٢- ٦٤٨ ز.)، پێش وەختی فەتحی ئیسلام، هۆزە کوردەکان و هەندێ ناوچەی ئێران، ئەو جەنگە بەردەوامەی نێوان ساسانی و بیزەنتییەکان زیانێکی فرەی گەیاندە ئەو ناوچانە، کە ببوونە مەیدانی ئەو جەنگانەی نێوانیان، هەروەها ببوونە هۆی توندوتیژی و چەوساندنەوە و نەهامەتی (پولاندیان،٢٠٠٦:٣) لە دەرئەنجامی فەتحی ئیسلامی و سەرکەوتنی لە داگیرکردنی ئێراندا، ناوچە کوردنشینەکانی سەر بە ئیمپراتۆریەتی ساسانی کەوتنە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی خیلافەتی ئیسلامییەوە. (پولاندیان،٢٠٠٦: ٤) (طبری، ١٩٣٠،١٨٢٧، ١٨١٠،١٧٣٧)

نەبێ کورد لەژێر دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامی بە بێدەنگی و دەستەوەستان مابن، هەر لە سەرەتاوە بەرەنگاری توندوتیژیان هەبوو بەرامبەر داگیرکەران و داکۆکی لەسەر کولتووری دێرینی خۆیان، بە سەرهەڵدانی جۆرەها بزووتنەوە و شۆرش دژ بە دەسەڵاتدارانی عەرەب. بەڵام لە بەر ئەوەی کورد لەو سەردەمانە مێژوونووسیان نەبووە ڕووداوەکان تۆمار بکەن، مێژوونووسانی داگیرکەر ئەوەی دەینووسی وتۆماری دەکرد بە لای خۆیاندا دایدەتاشی، یەکێ لە بەرچاوترین دووفاقی لە مێژووی کورد ئەوەیە کە مێژوونووسە عەرەبەکان یان تورکەکان یان فارسەکان ڕاستییەکانیان وەک خۆی باس نەکردووە، کوردیش بۆ خۆی مێژوونووسی نەبووە ڕاستییەکان لە سەر زاری خۆمانەوە گوێ بیستی بین. (عەبدول،٢٠١٩:٥٨)

(فەتحی) عەرەبی، پاش سەرکەوتن لە شەڕی قادسیە، ئەوجا بەرەو کوردستان ڕووی نا تا گەیشتە شاری حەلوان لە ساڵی (٦٣٧ز.). (طبری،ج٥لا١٨٢٨)(یاسمی،١٧٥) بەلازری دەگێڕێتەوە کە حەلوان بە ئاشتی گیراوە و موڵەت دراوە بە دانیشتووانەکەی کە شارەکە بەجێ بهێڵن. (بلاذری،١١٠: ١٣٤٦) ئەگەر بەپێی قسەی بەلازری شارەکە بە ئاشتی داگیر کرابێت بۆچی بە دانیشتوانەکەی مۆڵەتی چۆڵکردنی دەدەن، یان ئەوەش یەکێکە لە چەواشەکارییەکانی مێژوو، -مێژوونووس (خەلیفەی کوری خەیات) پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە عەرەب شارەکەیان بە شەڕ گرتووە، کە ئیبن ئەسیریش پشتگیریی ئەوە دەکات و دەڵێت جزیەی زۆر خرایە سەر حەلوان و ئەو گوندانەی دەوروپشتی. (پولاندیان،٢٠٠٦:٨)

واتە دانیشتوانی حەلوان بەرەنگاری داگیرکاریی هیزی عەرەب وئیسلامیان کردووە، نەک بە ئاشتی تەسلیم بوبن و وڵاتیان داگیر کرابێت، هەر ئەوە نەبێ لە حەلوان کورد بەرەنگاری کردبێ، بە پانتایی کوردستان بەرەنگاربوونەوە هەبووە، بەڵگەش ئەو بزوتنەوە و شۆڕشانەی ناوچە جیا جیاکانی کوردستانە بەگشتی، کە کوردەکان لە ساڵی( ٢٩ ک. - ٦٤٩ز.) هەر لە لوڕستانەوە تا (ئیستەخەر) ی فارس و ( داراب گرد) دژی سوپای ئیسلام کەوتنەوە شۆرش(مەردۆخ،٢٠١١: ٨٠). پاشای ساسانییەکان (یەزدەگردی سێیەم) ئەم شۆڕشەی بەهەل زانی و پەنای بردە بەر کوردەکان و ویستی بەرژەوەندیی خۆی لە شۆڕشەکەیان وەر بگرێ. (ڕۆژبەیانی، ٨٠: ٢٠٠٠) شاری ئیزج لە ساڵی (٦٣٨ز.) کوردەکان دژی خیلافەتی عوسمان کوڕی عەفان ڕاپەرین و (تەستر) بە شەڕێکی قورس لەو ساڵدا داگیر کرا. (داوودی،٢٠١٠:٣٥) هەندێ لە خواریجەکان لە ( ماسپەزان و شارەزوور) لە ساڵانی ( ٦٥٨- ٦٥٩ز) هاتنە ئاراوە و ناوچە کوردییە شاخاوییەکان وەک پەناگە و حەشارگەی خەواریجەکان بوو، لە لایەن خەڵکە خۆجێییەکانەوە یارمەتی و کۆمەک کراون، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە کورد هەمیشە دژی داگیرکاریی وڵاتەکەی بووە. (پولاندیان،٢٠٠٦:١٩) لە ساڵی (٩٥٦ز.) (ڕۆزبەهان) دژی سوڵتان مەعزلدەولە ڕاپەری، (بەڵکا)ی برایشی لە شیراز یاخی بوو، هەروەها (سوار) و (ئەسفار)ی برایشیان لە ئەهواز یاخی بوون و جاڕی شۆرشیان دا، (عەمرانی) کوڕی شاهین چووە لای (بەڵکا)ی برای، سوارەش لەگەڵ عەمران لە شەڕدا بوو لە بەتائیح، وازی هێنا و چووەوە کووت. (مەردۆخ،٢٠١١:٨٠) پاش هاتنی ئیسلام بۆ ماوەیەکی درێژ کورد بێ دەوڵەت بوو، هیچ هێرشێکیان نەکردە سەر ئمپراتۆریەتی ئیسلامیی تازە پێگەیشتوو، هۆکارەکەشی بەپێی هەندێ لە مێژوونووسان:

١. تێروانینیان بۆ ئەم ئایینە ئەوەیە کە لە شوێنیکی دوور لە نیشتمانی ئەوانەوە هاتووە و کاریگەری بۆ ئەوان نابێ.
٢. تایبەتدمەندییەکی هەیە بە خەڵکی ناوچەیەک کە کولتوور و زمان و جوگرافیای جیاوازییەکی زۆریان هەیە.
٣. پێشبینینەکردن بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو ئایینە بەڕێوە دەبەن لە پاشەڕۆژ هەر بە ناوی ئەو ئایینە داگیرکەر بۆ وڵاتانی دەوروبەر. (عەبدول، ٢٠١٩:٥٩)

ئەم خاڵانەی شیخ محەممەد عەبدول لە سەر زاری هەندێ لە نووسەران، گوایە کورد زۆر گوێی نەداوەتە ئەو بارودۆخە تازەیە، چونکە بە پێی جیاوازیی زمان و جوگرافیا و دووری هاتنیان، کاریگەری لە

سەر بیروباوەڕی ئەوان نابێت، کورد دەستەوەستان وەستاوە و ئەوە دەگەیەنی کە سوپای عەرەب هاتوون بە گوڵ پێشوازییان لێ کراوە، کەچی بە شەڕێکی خوێناوی داگیرکردنی ناوچەکەیان ئایین و کولتووری خۆیان سەپاندوەتە سەریان، یان دەبێت باج و خەراجێکی زۆر بدەن بەناوی (جزیە)، ئاشکراشە کە ئەو ئایینە تازەیەی هیناویانە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ بیروباوەری دێرینی کورد، چۆن دەکرێت وا بە ئاسانی دەستی لێ هەڵگرن ئەگەر بە زەبر و زەنگ نەبووبێت. ئەو هەموو بزووتنەوە و شۆڕشانەی خەواریج و کوردەکان و گەلانی ناوچەکە کە بە توندوتیژی دامرکێنران پاش کومەڵکوژی و تاڵانکردن ویرانکردن و (سەبی)ی ئافرەتان، ئەو خاڵانەی عەبدول ڕەد دەکەنەوە، تەنانەت پاش جێگیربوونی دەسەڵاتی داگیرکەری عەرەب لە ناوچەکە کورد ناڕەزایەتی و قایلنەبوونی پیشان داوە، جموجۆڵی زۆریان هەبووە لە ڕاپەرین شۆرش و بەرەنگاربوونەوە و یارمەتیدانی نەیارانی عەرەب و پەناگەیان پێ داون لە ناوچە شاخاوییەکان. (زەیدان،١٥ج٢ : ١٣٧٢) (زەڕینکوب،١٣٦٢: ٩٠)(بەغدادی،١٣٥٨:٢٥٧)

لە سەردەمی خیلافەتی ئەمەوییەکان (٦٦١- ٧٥٠ز) (٤١ -١٣٢ ک) لە فەرمانڕەوایی مەعاویەی کوری سوفیان دەست پێ دەکات تا کوژرانی مەروانی کوڕی محەممەد دوا خەلیفەی ئەمەوییەکان، کورد ونەیارانی عەرەب لە میللەتانی کە جۆرەها بزووتنەوە و شۆڕشیان ئەنجام داوە و بە ئاسن و ئاگر سەرکووت کراون. هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی کولتووریان کردووە، پێڕەوانی ئایینە کوردییەکان ڕووبەڕووی گوشار و کوشتن بوون لە لایەن سوپای عەرەب و ئیسلامەوە، کە بە زۆری لە زەمین و خاکی لوڕستان نێژران، ناسنامە و شەجەرەیان لە سەرزەمانی ئیسلامیدا بزرکران وەک ئایینی (زروانی، میترایی، زەردەشتی). (حوسەین گۆڤاری لور ژ٢ ل٢٦٠)

بزووتنەوەی بەناوبانگی والی کوفە (موختار سەقەفی) لە ساڵی ( ٦٨٧ز .) کە کوژرا بزووتنەوەکە سەرکوت کرا، کورد لە حەلوان لە سەرەتاوە یارمەتی پێشکەش بە بزووتنەوەکە نەکرد، لە ساڵی ( ٦٨٥ز.) سەعدی کوڕی حوزەیفەی یەمانی کرا بە والیی حەلوان، سوپایەکی هەزارکەسی خرایە ژێر فەرمانی لەگەل ساڵانە هەزار درهەم بۆ ملکەچکردنی کوردەکان و پاراستنی ڕیگاوبانەکان، واتە کورد ملکەچی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان نەبووە. (پوڵاندیان،٢٣:٢٠٠٦) هەروەها باس لە زەبروزەنگ و پلانی دەسەڵاتدارانی ئەمەوییەکان دەکات دژ بە نەیارانیان و دەڵێت: کە ئەمەوییکان دەسەڵاتی خۆیان گەڕاندەوە سەر عیراق لە ساڵی (٦٩١ز)، حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی (٦٩٤-٧١٤ز) کرا بە والیی عێراق، ئامانجی حەجاج لەناوبردنی هەموو نەیارانی ئەمەوی بوو لە خەوارج و شیعە، تەنها خۆراسان و سەجستان لە دەرەوەی

فەرمانڕەوایی دەسەڵاتیان بوون، پاش بیست ساڵ حوکمڕانی بە هەزاران کەسی کوشت لە خەواریجەکانی عیراق و ئێران، کە مردیش پەنجا هەزار کەس لە زیندانەکانیدا بوون لە پیاوان و سێ هەزار کەس لە ژنان، ئەو شۆڕشەی لە سەجستان سەری هەڵدا بە سەرپەرشتیی (عبدولرحمان کوڕی محەمەد ئەشعەس) کوردەکان بەشدارییان تیادا کردووە. لە سەر زاری ئیبن ئەسیر دەگێڕێتەوە کە حەجاج (محەمەد کوری قاسم) ی کردە والی وڵاتی فارس بۆ ملکەچکردنی کوردەکان، بەڵام نەیتوانی، ئەوجا حەجاج لە سووریاوە بە خۆی چوو بە سەر لەشکرێکی گەورەوە بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردەکان. (پوڵاندیان، ٢٠٠٦:٢٦).

ئەو عەرەبانە (بەدوو) بیابانی بوون و زۆر خێڵەکی و شانازیان بە ڕەگەزی عەرەبەوە دەکرد. هەروەها غەیرە عەرەب (عەجەمەکان) لە سوپادا بەکار نەدەهێنران بەکەمی نەبێت، سەرکردایەتیان پێ نەدەدرا، دەسکەوتەکانی شەڕیشیان پێ نەدەدرا، ئەمان بوونە هۆی ئەوەی بێزاری پیشان بدەن و ڕق وکینەیان هەبێت. (دەباغ،١٩٨٣: ٣٢٤) لە چاخی فەرمانڕەوایی حەجاجدا (عەجەمەکان-نەتەوەکانی غەیرەعەرەب) بێزارییەکی زۆریان هەبوو لەوەی کە عەرەب نەیتوانیوە باری کۆمەڵایەتییان باش بکات، بەردەوام سزایان بە سەریاندا سەپاندووە، بە پلەی دوو تەماشا کراون واتە (موالی - لایەنگر). هەروەها موالی بۆی نەبوو هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ئافرەتی عەرەب بەڵام عەرەبەکان گەر ئارەزوویان هەبوایە لە هەر ئافرەتێکی موالی هاوسەرگیریان ئەنجام دەدا، لە بۆ شەڕکردن موالییەکان لە پێشەوە دەبوون، گەر سەرکەوتنیان بە دەست بهێنایە لە قازانجی ئەوان بوو ئەگەر بکوژرایەن هەر لە قازانجی ئەوان بوو لە کوڵیان دەبوونەوە، لە دانیشتنەکانیاندا موالییەکان دەبوایە لە پشت ئەوانەوە دابنیشن، ئەم بارانە پاش ڕووخانی ئیمبراتوریەتی میدیا ئەخمینییەکان و ساسانییەکان بە سەر کوردا پەیڕەویان دەکرد. (زەیدان،١٣٧٢: ٩٢٥)

لە سەردەمی دوا خەلیفەی ئەمەوییەکان (مەروان کوڕی محەمەد) (٧٤٤- ٧٥٠ز.) کە تەمەنی ٦٠ ساڵ بوو دایکیشی کورد بوو، بزووتنەوەیەک لە شارەزوور سەری هەڵدا لە ساڵی ٧٤٤ز بە سەرکردایەتیی (زوحاک کوری قەیس) کە یەکێک بوو لە خەواریجەکان، کوفەیان گرت لەگەڵ موسڵ و چیا و ناوچەگەلی تر، پاش دوو ساڵ شکستی هینا، لە ڕێی (مەرو) چوونە بەحرین.

خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە (کوردستان و ئێران) بیزار ببوون لە دەسەڵاتی عەرەب، هەموو بزووتنەوە و شۆڕشەکانیان دژ بە دەرەبەگ و دەسەڵاتی عەرەب بوو بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاربوون، ئەو شۆڕش و بزووتنەوانە بەزۆری هەژارەکانی گوندنشین و شار و شارۆچکەکان پشتگیرییان دەکرد.

له ساڵی (٧٤٧ز.) له میرگی ( مەرو) بزووتنەوەیەکی گەورە بە سەرکردایەتی ئەبوموسلم سەری هەڵدا. بزووتنەوەکەی ئەبو موسلم هەموو ئێران و ناوچە کوردنشینەکانی لە ڕۆژئاوا گرتەوە و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی، پاش ئەوەی ئەمەوییەکان لە شەڕێکی نۆ ڕۆژیدا لە ناوچەی زێی گەورە شکستیان خوارد، عەبباسییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست. بزووتنەوەکەی ئەبو موسلم لە ناخدا بزووتنەوەیەکی نهێنی ئایینی بوو، جیا لەوەی وەک سەرکردەیەکی شەڕکەری سەربازی لە ڕووخانی ئەمەوییەکان ڕۆڵی بینی، بزووتنەوەکەی رووخسارێکی ئایینی نهێنی بۆ زیندووکردنەوەی کولتووری دێرینی کورد بوو، لە ژێر سێبەری خیلافەتی عەبباسییەکاندا. پاشان عەبباسییەکان ئەبو موسلمیان کردە والیی خوراسان، بۆچی هەڵگەڕانەوە لێی و لەناویان برد؟ ئەو تا چەند سەرکەوتوو بوو لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە ئایینییەکەی؟

(ئەبو موسلم خوراسانی ( ١٠١- ١٣٧ک) کوردێکی گۆرانی لە ناوچەی پەهلەویان بە ناوی بەهزادان کوڕی بندا هورمز بوو، عەرەب ناوی لێنا ( ئیبراهیم کوڕی عوسمان کوڕی گودەرز)، واتە ئەبو موسلم ناز ناوە، ئەم ناوە عەرەبییە بۆ مەبەستی دوورخستنەوەی لە کوردبوونی بوو. (سویرەکی ٢٠٠٦: ٤٢١) لە شاری فەرەیدوون تەنیشت ئیسفەهان و خۆرەمئاوا لە دایک بووە. (عبدالغنی، ٨:١٣٥٤) (یوسفی،١٣٧٨: ٣٠) ناوی یەکمی ئیبراهیم بن یەسار بووە بەڵام ئیبراهیم کوڕی محەمەد عەباس ناو عبدالرحمن بن مسلم لە سەرێ دادەنێت و نازناوی دەکەیتە ئەبومسلم. (عبدالغنی، ١٦:١٣٥٤)

ئیبراهیم ناردی بۆ خۆراسان وەک لایەنگری عەبباسییەکان، خەڵکێکی زۆری لێ کۆبووەوە بەتایبەت فورسە خاوەن زەوییەکان کە نەبوونە ئیسلام لە سەر دەستی ئەو نەبێ، بزووتنەوەکەی لە ساڵی ٧٤٣ز دەستی پێ کردبوو، خەڵکێی زۆر لە نەیارانی ئەمەوییەکان لە گەڵ بوون تا یەمەنییەکانیش. بزووتنەوە مەزنەکەی دەست پێ کرد دژ بە ئەمەوییەکان کە بوو بە هۆی گۆرانی خیلافەتەکەیان بۆ عەبباسییەکان. ئەبو موسلم، زمانی عەرەبی و زمانی فارسی بە باشی دەزانی، خانوو و موڵکی نەبوو، پارەپەرست نەبوو. (سویرەکی،٤٢١:٢٠٠٦) ئەبوموسلم کوردێکی ئێرانی بوو، (واتا سەرەڕای ئەوەی زمانی عەرەبی و فارسی بە باشی دەزانی وەک سویرەکی دەڵێت دەبیت زمانی زگماکی دایکشی کە کوردییە بە باشی زانیبێت - نووسەر) دواکەوتەی بیروباوەڕی دۆنایدۆن بوو کە بیروباوەڕیکی دێرینی پێش ئیسلامە، نازناوی جەهانگیری لێ نرابوو. (مرادی،١٩٩٩: ١٠٠). سەبارەت بە نەژادی ئەبو موسلم بەڵگەیەکی مێژوویی بە دەستەوەیە، ئەویش ئەو دوو دێرە شیعرەیە کە شاعیری عەبباسی ئەبو دەلامە دایناوە وتیایدا ئەبو موسلمی بە خائین و ناپاک لە قەڵەم داوە، (میران، ٢٠١٠: ١٠) چونکە بە قسەی شاعیر، بە نەژاد کوردە، بەشێکی زۆری

جەماوەری ئەبوموسلم لە ئێران کورد بوون، پاش دەسەڵاتی عەبباسییەکان ناوچەکانی ئێران لە ژێر دەستی ئەبوموسلم مانەوە، تا دەهات هێزو جەماوەری زیاتر دەبوو. ئەبو موسلم لە سەفەریدا بۆ مەرو پەیوەندیی لەگەڵ کوردە عەلەوییەکان دەبەستێت. (قادری، ٢٠١٨:١٦٥) بە ڕای زۆربەی مێژوونووسان ئەبو موسلم بڕوای بە زەردەشتی بوو (بەهدینی زەردەشتی)، بە (سیاه عەلەمان - ئاڵا ڕەشەکان) یان جەمانە ڕەشەکان دەناسران. (مرادی،١٩٩٩:١٠) گرووپە باتنییەکان (ئیسماعیلییەکان) چوونە سەر بیروباوەڕی ئەبو موسلم. (سویرەکی،٢٢١:٢٠٠٦) ئەبو موسلم خۆراسانی لە ناوچەی مانگی بەسرە ( ماە بەسرە)کە بە شێک بوو لە وڵاتی مادی بچووک لە دوایدا بوو بە کوردستان، چاوی هەڵهێناوە، لە کوردەکانی ئیسفەهانە. (قادری، ٢٠١٨:١٦٥) (یوسفی،١٣٧٨:٣٢) واتە بە پێی ئەم بۆچوونەی زەکەریا قادری ئەبو موسلم لە بەسرە لە دایک نەبووە وەک عەلی سویرەکی دەڵێت، کە ماهی بەسرەی کردووەتە شاری بەسرە، کەچی ماهی بەسرە بە مانای ئەو ناوچانەی باج و خەراج دەنیرن بۆ والی بەسرە لە زەمانی خیلافەتی ئیسلامیدا. لە سەر ڕەچەڵەک ئەبو موسلم هەروەها کە هات لە ناوچەیەک بووە کە بە جبال یان کوێستان یان پەهڵەویان ناسراوە. ئەم ناوچەیە بە پێی وتەی تەواو مێژوونوسان و جوگرافیناسەکانی سەردەم هێرشی عەرەب شمول ئیسفهان و بەشێک لە شیراز و قوم و قەزوین و زەنجان و سنە و شارەزوور بووە کە لە سەر ئەم بەلگانە شار فەرەیدوون لە ناو ئەم ناوچەی پەهڵەوییانە بووە. (تاهیری،٢٠٢٠:٥٣) هەروەها لەبارەی ڕەگەزی ئەبو موسلم ئەگەر تەماشای کتێبی (صورة الأرض)ی ئیبن حەوقەل بکەین کە دەڵێت: کوردەکانی ئیسفەهان لە هۆزی مازەنجانن. (ئیبن حەوقەل) هەروەها بلاذر دەڵێت: دەوروبەری ئیسفەهان هەمووی کوردن و خورەم دینن. (بلاذری) ئەبو موسلم لەبەر ئەوەی لە منالێدا دەیبەن بۆ کوفە و لەوێ دەمێنێتەوە و دواتر دەڕوات بۆ خوراسان و لەوێ دەست دەکات بە جموجۆڵ، ئیدی بە خوراسانی ناو دەردەکات و کەس بایەخ بە کوردبوونی نادات و ناسناوی دەبێتە خوراسانی.

شۆڕشی عەبباسییەکان لە ساڵی ( ٧٤٩-٧٥١ز) بە سوپایەکی موسڵمانان بنکەی لە خۆراسان بوو، بە سەرکردایەتی بە ناوبانگ بە ناوی ئەبو موسلم، بە ناوی یەکێک لە منداڵەکانی عەبباس کوڕی عبدولموتەلیب مامی پێغەمبەر (د.خ)، توانییان دەسەڵات لە چنگی ئەمەوییەکان دەر بێنن و پایتەختەکەیان بگوازنەوە بۆ بەینولنەهرین. (فوڵتز،٢٠١١:١٥١) (نووسەرە عەرەبەکان ڕۆڵی ئەبو موسلم گچکەی دەکەنەوە و دەیشارنەوە وەک کوردێک سەرکردەی ئەو لەشکرەی کردبێت کە فولتز باسی لێوە دەکات لە خۆراسان

گوایە عەرەب سەرکردەی لەشکرەکە بووە ئەبو موسلم لەبن دەستی ئەوان بووە، دواجار کردوویانە بە والیی خۆراسان - نووسەر).

یەکەم خەلیفەی عەبباسی، ئەبو موسلمی خۆراسانی کرد بە والی هەریمی چیا و خۆراسان. ئەگەر سەرکردەیەکی لێهاتوو جەماوەری نەبوایە چۆن یەکەم خەلیفەی عەبباسییەکان دەیکردە والی ئەو ناوچە دوورانە؟ (فوڵتز،٢٠١١: ٣٦)

ئەبو موسلم خۆراسانی و ڕازی (محەمەد بن زەکەریا) بڕوایان بە دۆنایدۆن هەبوو، کە ئەمەش وتەی قەرامیتەکانە. (توبوری ٤٥٦ک ل٩٠) لە ساڵی ٢٦٠ک قەرامیتەکان ڕاپەرینیان لە خۆراسانەوە دەست پێ کرد، لە خوارووی عێراق و خوزستان لە ساڵی ( ٢٥٤-٢٧٠ک) دەوڵەتیان دروست کرد، ڕابەریان حەمدان قرمت بوو، لە ساڵی ٢٧٧ک لە کوفە دارلهجرەیان دامەزراند، کوبوونەوە ومەراسیمیان تێدا دەکرد هەر هەفتە و جارێک. سنووریان لە شام تا مەککە و عیراق تا ڕەی و شاخەکانی کوردستان بوو، لە هەر جێکا و سەرکردەیەکیان هەبوو، لە سەرەتا لە دێهاتە زنجییەکانەوە دەستی پێ کرد. (مرادی،١٩٩٩: ٣١)

بیروباوەڕی دۆنایدۆن بیروباوەڕێکی دێرینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میترائی و زەردەشتی و مانی و مەزدەکییەکان، کە لە پاش هاتنی عەرەب و ئیسلام بوونی هەر مابوو لە فیکر و هزری دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە. لە سەرهەڵدانی بزووتنەوە و شۆرشەکانیان زیاتر دەردەکەوێت، بە زۆریش جەماوەری بزووتنەوە و شۆرشەکان خەڵکی هەژار و لادێیەکان بوون، کە لە پاشان ئەو بیروباوەڕە بە خوڕەمدین ناسرا، قەرامیتەکانیش هەڵگری بیروباوەڕی خورەمدینن.

ئەبو موسلم دەسەڵاتیکی زۆری هەبوو لە ناوچەی خۆراسان و مەرو، لێی دەترسان. (سولتانی،٢٠١١: ٢٦) ئێران دووبارە شکۆ و مەزنی لە دەست چووی بە دەست هێنایەوە و پێگە بەرزەکانی دەرباریان گرتە دەست و جەژنی نەورۆز لەو سەردەمەدا لە سەر دەستی ئەبوموسلم خۆراسانی لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی بووژایەوە. (مەردۆخ،٢٠١١: ١٢٤)

ئەم دەسەڵات و جەماوەرەی ئەبوموسلم لە ناوچەکە ترسی خستووەتە دڵی عەبباسییەکانەوە، ترسی ئەوەیان هەبوو لە پاشەڕۆژدا گرفتیان بۆ دروست بکات، بۆیە بڕیاری لە ناوبردنیان داوە، خەلیفەی عەبباسی ئەبو جەعفەر مەنسور، بە فیڵ بانگهیشتی ئەبو موسلم خوراسانی کرد بۆ بەغدا و لە ناوی برد. (سولتانی،٢٠١١: ٢٦)

وە نەبێ تەنها ئەبو موسلم و جەماوەرەکەی و دەسەڵاتی بەهێزی ترسیان خستبێتە دڵی عەبباسییەکانەوە، دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتیان لە کورد و هەندێ هاودژی عەرەب وخەواریجەکان هەموو لە چالاکی و خرۆشاندا بوون دژ بە خیلافەتی عەبباسییەکان. هەندێ لایەنی هاودژی عەرەب و خەواریجەکان بەشداریی باشیان هەبوو لە چالاکی و خرۆشانی کورد لە ناوچەی مووسڵ و جەزیرەدا، خەلیفە مەنسور(٧٥٤-٧٥٥ز) خالد بەرمەکی کرد بە والیی موسڵ لە ساڵی ( ٧٦٥ز) دا، بۆ سەرکوت کردنی ڕاپەرینی کوردان، کە جووتیاران هێزی سەرەکیی ئەو بزووتنەوانە بوون، دروشمیان، یەکسانی موڵکایەتی و لابردنی جەور و ستەمی دەرەبەگ و عەرەب بوو، دروشمی ئایینیشیان بەرز دەکردەوە. (بولاندیان،٢٠٠٦:٣٦)

لە سەردەمی خەلیفە مەنسور ڕێبازی ئایینی سەری هەڵدا، درۆشمی بزووتنەوەکەی مەزدەکیان بەرز کردووە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەرێمەکانی ئێران بڵا بوونەوە (خۆراسان، ئاسیای ناوەڕاست، چیای و ئازربایجان و هەندێ جێی تر)، واتە بزووتنەوەی خۆڕەمی گەشەی سەند.

بزووتنەوەی خوڕەمی زۆر نزیکە لە ڕینماییەکانی مانەوی و مەزدەکی، کە بزووتنەوەکەیان دژ بە دەسەڵاتی عەرەب و ئیسلام بوو لە هەمان کاتدا. (بولاندیان،٢٠٠٦:٣٧)

هەندێک لەوانەی لەسەر بڕوای ئایینە فارسییە کۆنەکان بوون کەوتنە جووڵە دژ بە عەرەب و ئیسلام، کە سەر بە بیروباوەڕی مەزدەکی بوون، لە سەردەمی عەبباسییەکان پەرەیان سەند، بە زۆریش لە خۆراسانەوە سەری هەڵدەدا بەرەو چیاکان. (سلیمان،١٩٨٥: ٣٩٠)

ئەبو موسلم تەنها سەرکردەیەکی سیاسی و جەنگی نەبوو، ئەوی عەبباسییەکانی ترساند پیاوێکی ئایینی بوو، لە لایەن پەیڕەوانییەوە بە ئیمام لە قەڵەم دەدرا، لە گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و کوردستان و ئێران و ئازربایجان تا دەگاتە ناوچەی دوو ڕووبار، ئەم بزوتنەوەی ئەبو موسلم مەتەرسییەکی گەورەی خست بووە دڵی عەبباسییەکان و لە گرفتی گەورەی ئەم بزوتنەوەیە دەترسان بۆ سەر خیلافەت و ئاینی ئیسلام، بۆیە هەر زوو بڕیاری لە ناوبردنی ئەبو موسلم درا وەک سەرکردەی بزوتنەوەکە. (میران،٢٠١٠:٤٨)

کاتێک ئەبو موسلم خوراسانی کوژرا لە ساڵی ١٣٦ک، لایەنگرانی بیروباوەڕەکەی بڕوایان وا بوو کە ئەبو موسلم پیغەمبەرە، هەندێکیشیان بە خودایان دەزانی کە ڕوحی خودایە، سەرکردەیان کەسیک بوو بە ناوی (سنباد) لە نیسابور، لەو ساڵەشدا موژدەی لەناوبردنی دەسەڵاتی عەرەبی بەرز کردەوە. (سلیمان،١٩٨٥:٣٩١) لایەنگران و هەوادارانی ئەبو موسلم پاش کوژرانی کەوتنە بزووتنەوە، لەو بزووتنەوانە:

بزووتنەوەی ( سنباد) لە نیسابور ساڵی ١٣٦ک ، بزووتنەوەی (سیس) ساڵی ١٥٠ک، بزووتنەوەی (اشناس باد عیسا) لە ساڵی ١٥٠ک ، وە لە هەموویان ترسناکتر بزووتنەوەی (مقنع - نیقابدار) لە ساڵی (١٥٩ -١٦٣) جەماوەریکی زۆری هەبوو تا گەیشتە ڕەی. سەرەڕای شۆڕشی خەواریجەکان و شۆڕشی زنجەکان (قولە قرمتیەکان). (سلیمان،١٩٨٥:٣٩١) ناوچەی کوفە و عیراف بزووتنەوە سەری هەڵدا، کوردەکان لە باشوری عیراق و ناوچەکانی تری کوردستان و ئازربایجان تەنانەت ناوچەی ژیر ڕکیفی خۆیانیش یاخی بوون. (ڕۆژبەیانی،٢٠٠٠:٧) کوردەکانی باشوری عیراق هەندیکیان لە زەلکاو ئەهوارەکانی باشووری عیراق بوون. ئەوە سەرەڕای بزووتنەوەی فاتمییە بە ناوی فاتیمەی کچی ئەبو موسلم، بزووتنەوەی کودەکییە بەناوی کوڕی فاتمەی کچی ئەبوموسلم. (قادری،٢٠١٨:١٦٦)

کاتێک هەواڵی کوشتنی ئەبوموسلم بە خۆراسان و ناوچە شاخاوییەکان گەیشت، خورەمدینەکان شەڵەژان، بەشێک لایەنگرانی ئەبو موسلم بڕوایان وا بوو کە نەمردووە و نامریت، بە زیندوویی دەگەریتەوە تاکو زەوی پڕ لە دادوەری بکات. (قادری،٢٠١٨:١٦٤)

هەرچەندە بەشێکیان لەو بڕوایەدا بوون کە مردووە، دواجار لایەنگران و هەواداران و هاوبڕواکانیان لە قرمتییەکان و بەشی سەربازیان، دوڵەتی فاتمییە لە باکووری ئەفریقا دروست کرد، بە ناوی فاتیمەی کچی ئەبو موسلم خوراسانی. ئامانجی شۆڕشی خوڕەمدینەکان تۆڵەسەندنەوەی کوشتنی ئەبو موسلم بوو، سەرەڕای دژ بە عەرەب و ئیسلام و دەوڵەمەندەکان کە پشتگیرییان لە ئەمەوییەکان دەکرد، هەروەها بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری و یەکسانی چینایەتی نێو کۆمەڵگا. ( قادری، ٢٠١٨ : ١٦٤) شۆڕشی خوڕەمدینەکان عەرەب بوون لە سلسلەی حەوت ئیمامی شیعە بوون لە سەدەی یانزەی کۆچی لە میسر فەرمانڕەواییان دەکرد، (فولتز،٢٠١١ : ١٦٨)، دیارە مەبەستی فولتز قەرامیتەکانە و دەوڵەتی فاتمی کە لە میسر دروست بوون.

لە کاتی بڕیاردانی لە ناوبردنی ئەبو موسلم لە حزوری خەلیفە، ئەبو دەلامە (کویلەیەکی حەبەشی بوو) لەو دەمە ئەم پارچە شیعری وتووە:

ابا مجرم ما غير الله نعمة — على عبده حتى يغيرها العبد
أفي دولة المنصور حاولت غدره — الا ان اهل الغدر اباؤك الكرد
ابا مجرم خوفتني القتل فانتحى — عليک بما خوفتني الاسد الورد

بە کوردی:

باوکی تاوان خودا بەخشندەیی — لە سەر یاری خۆی تا خۆی نەیگۆڕیت
لە وڵاتی مەنسوردا غەدر دەکەیت — کە خاوەنی غەدرن باو باپیرانی کوردت

باوکە تاوان ترساندمانت بە گوشتن چۆک دانەوێنە وا ترس بەرۆکت

(مەردۆخ،٢٠١١ : ١٢٤)

لە هەمان کاتدا مەنسوریش ئەم پارچە شیعرەی کەدەڵێت:

زعمت ان الدین لایقتضی فاستوف بالکیل ابا مجرم

اشرب بکاس کنت تسقی بها امر فی الحق من العلقم

واتە خەلیفە مەنسور ڕوو دەکاتە ئەبو موسلم بەم دوو دێڕە شیعرە پێی دەڵێت: تۆ ئایینت ڕەد کردەوە واتە ( ابو مجرم = باوکی تاوان، مەبەستی ئەبو موسلمە) بەو پێوانەیە مافی خۆت وەرگرە، بە جامێک بیخورەوە لە گەرووتا تاڵتر لە گوژاڵک، هەر ئەو جامەی کە پێشتر دەرخواردی خەڵکانێکی زۆرت داوە (سویرەکی، ٢٠٠٦ :٤٢١). هەر چەندە عەبباسییەکان بە بڕوای خۆیان گرفت و مەترسییەکیان لە ناو برد بە نەمانی ئەبو موسلم خوراسانی، بەڵام لە سەردەمی خەلیفە مەئموون حەوتەمین خەلیفەی عەبباسییەکان جۆرە پەشیمانییەکیان پیشان داوە بەوەی کە غەدریان لە ئەبو موسلم کردووە، بۆ ئەوەی ئەبو موسلم توانیویەتی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان لە ناو ببات و دەسەڵات بداتە دەست عەبباسییەکان. مەئموون گوتوویەتی گەورەترین پاشاکانی سەر زەمین سێ کەس بوون کە وڵاتیان لە دەست خانەدانێکەوە بۆ خانەوادەیەکی تر گۆڕیوە کە ئەمانەن: (ئەسکەندەر، ئەردەشیر، ئەبو موسلم ) (مرادی، ١٩٩٩ :١١).

هەرچەندە ئەبو موسلم ڕۆڵیکی گرنگی بینیوە لە گوڕینی خیلافەتی ئەمەوی بۆ خیلافەتی عەبباسی، بە پێکهینانی هاوپەیمانی بەنهێنی لە سەردەمی ئەمەوییەکانی بۆ لە ناوبردنیان، و سەرکردەیەکی سەربازیش بوو و زۆربەی سوپاکەی کورد بوون لەگەل خەواریجەکان و نەیارانی ئەمەوییەکان، بەڵام هەندێ نووسەر و مێژوونووسی عەرەب لە هەقیقەت لایان داوە و ڕۆڵی ئەبوموسلم لەو ڕووداوانە کەم دەکەنەوە یان هەر نایهێلن، کە باس لەوە دەکەن لە خۆراسان عەرەب نیشتەجێ بوون لە سەر زەمانی ئەمەوییەکان بە ژمارەیەکی زۆر لە سوپای عەرەب وئیسلام بوونە بۆ پاریزگاری سنوورەکان، ئەو عەرەبانە لە خۆراسان ڕێکخراوێکیان هەبوو دژ بە ئەمەوییەکان بە سەرکردایەتی( سلێمان کوڕی کەسیر غزاعی )، کە لە نێو خێڵە عەرەبەکاندا لەو ناوچانە بە نهێنی بەربڵاو بوو، پاشان توانییان دەست بەسەر خوراساندا بگرن. (العلی،١٩٨٣:٣٦٥) هەروەها بەردەوام دەبن لە بۆچوونەکانیان کە ئەبو عەبباس سوپایەکی نارد بە سەرکردایەتی مامی عەبداللە کوڕی عەلی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دواخەلیفەی ئەمەوییەکان (مەروان کوڕی محەمەد)، لە شەریکدا لە ناوچەی زێی گەورە سەرکەوت، مەروان هەڵهات بۆ میسر لەوێ دەستگیر کرا و

کوژرا. (هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٦٧) ئەبو موسلم خۆراسانی لە سەرەتاوە پەیامنێری ئیبراهیم کوڕی محەمەد عەبباس بوو کە پاش باوکی محەمەد دەسەڵاتی هەبوو. (هەمان سەرچاوەی پێشو ل٣٧٠).

ئەگەر ئەبوموسلم هیچ ڕۆڵێکی سەرەکی نەبوو لەو ڕووداوانە ئەی چۆن یەکەم خەلیفەی عەبباسی دەیکات بە والی خۆراسان و جبال، کە پاشان بە زیرەکی وبلیمەتی خۆی لایەنگر و هەوادارنی زۆر بوون تا دەگاتە زۆربەی ناوچەکانی ئێران و ئازەربایجان و ئاسیای ناوەند تا دەگاتە شارەزوور و گەرمیان و کوردەکانی باشوری عیراق و ئەهوارەکان، ئەوە جگە لە زنجییەکان و ئیسماعیلییەکان وئەهلی یەمەن. یان دەبێت ئەبو موسلم موالی بوو واتە لایەنگری غەیرە عەرەب بوو، نایانەوێ ئاماژە بەو ڕۆڵە گرنگەی بدەن، لەو ڕووداوانە کە بە قازانجی عەرەب شکاوەتەوە. ئەبو موسلم خۆراسانی تا ماوەیەک فەرمانڕەوای ناوچەی شارەزور و گەرمیان بووە، ئەو ناوچانە ناوچەگەلی یارسانیان بووە . (ڕەشید، ١٩٨٥ :٢٢). ئەم بۆچوونەی ڕەشید ئەوە دەگەیەنی کە شۆڕشەکەی ئەبو موسلم لەو سەردەمانە شیعەگەرایی یان ئێران گەرایی نەبووە، بەڵکو زیندووکردنەوەی کولتووری دێرینی کوردەواری بووە لە بیروباوەڕی دۆنایدۆن. کوشتنی (ئەبو سەلمە خەلال) لایەنگری ئالی عەلی و شەڕێکی قورس لەگەڵ شیعەکانی بوخارا، بیرۆکەی خەبات لە پێناو ڕێبازی شیعەدا ڕەت دەکاتەوە، هەروەها ئەبو موسلم کەسێکی بە ناو (بییە ئافەرید) کوشت لە سەر ئایینی زەردەشت بوو، دیارە شۆڕشەکەی لە پێناو ئێرانییەتیدا نەبووە. واتە ئەبو موسلم شۆڕشی لە پێناو بیروباوەری دێرینی کۆنی کورد بووە، کە لە ئایینی زەوینی بیروباوەڕی دۆنایدۆن خۆی دەنوێنی. (قادری،٢٠١٨ :١٦٥) خوڕەمدینەکان بە هاوڕێژە کە بڕوایان بە مەزدەک هەبوو، بە هەمان شێوە یان ڕێژە بڕوایان بە ئەبو موسلم هەبوو، دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خوڕەمدینەکان کورد بوون. ( هەمان سەرچاوەی پێشو ل١٦٤)

بە پەیڕوانی ئەبو موسلم دەگوترا (سیاە جامکان) یان (سیاە عەلەم) واتە جەمانە ڕەشەکان یان ئاڵا ڕەشەکان. (سولتانی،٢٠١١ :١٥).

پاش لەناوبردنی ئەبو موسلم لە لایەن عەبباسییەکانەوە، بزووتنەوەی فاتمییە سەری هەڵدا بەناوی فاتمەی کچی ئەبوموسلم وەک درێژەپێدەری شۆڕشی باوکی، پاشان قەرامیتەکان (هەرچەندە نووسەر و مێژوونووسەکانی عەرەب بە بزووتنەوەی ئیسماعیلییە(ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر محەمەد سادق ناوی دەبەن)، بزووتنەوەکەیان لە خۆراسانەوە بۆ کوفە و خوارووی عیراق تا دەگاتە بەحرین و یەمەنە، دەوڵەتی فاتمییان لە باکوری ئەفریقا دامەزراند هەر بە ناوی فاتیمەی کچی ئەبوموسلمەوە بوو، کە زۆر لە

مێژوونووسان بە فاتیمەی کچی پیغەمبەر لە قەڵەمی دەدەن، بزووتنەوەیەکی تر بە ناوی (کودەکییە) سەری هەڵدا بە ناوی کوڕی فاتیمەی کچی ئەبو موسلم، بەشیک لەو قەومە (ئەوانەی باوەڕیان بە ئەبو موسلم هەبوو کە پێیان دەگوترا (موسەلەمییە و موبەیزە) لە سەردەمی بەغدادیدا نیشتەجێی مەرو (مەرڤ) بوونە، تیرەیەکیشیان دانیشتووی (هرات) بە (براکوکییە) دەناسران.

**ئەنجام**

ئەبو موسلم کوردێکی گۆرانی ناوچەی پەهلەویان بوو بە ناوی بەهزادان کوڕی بندا هورمز، لە شار فەرەیدوون تەنیشت ئیسفەهان و خۆڕەمئاوا لە دایک بووە. ناو یەکمی ئیبراهیم بن یەسار بووە بەڵام ئیبراهیم کوڕی محەمەد عەباس ناو عبدالرحمن بن مسلم لە سەرێ دادەنێت و نازناوی دەکەیتە ئەبومسلم.

خەڵکێکی زۆر لە نەیارانی ئەمەوییەکان لە گەڵ بوون تا یەمەنییەکانیش. سەبارەت بە نەژادی ئەبو موسلم بەڵگەیەکی مێژووی بە دەستەوەیە، ئەویش ئەو دوو دێرە شیعرەیە کە شاعیری عەبباسی ئەبو دەلامە دایناوە وتیایدا ئەبو موسلمی بە خائن و ناپاک لە قەڵەم داوە، چونکە بە قسەی شاعیر، ئەبومسلم بە نەژاد کوردە. هەر وەها ناوچەی جیبال یان کوێستان یان پەهلەویان بە پێی گوتەی تەواو مێژوونوسان و جۆگرافیزانەکان سەردەم هێرشی عەرەب شمول ئیسفهانیش بووگە کە ئیبن حۆقەل دەلێت: کوردەکان ئیسفەهان لە هۆز مازەنجانن کە هەموی کوردن و خۆرەمدینە. ئەبو مسلم لە بەر ئەەوی کە لە مناڵیدا دەیبەن بۆ کۆفە و لەوێ دەمێنێت و دوایی دەڕواتە خۆراسان و لەوێ دەس دەکاتە جموجۆڵ ئیتر بە خوراسانی ناو دەر دەکات و کەس بایخ بە کوردبوونی نادات و نازناوێ دەبێتە خۆراسانی. بە ڕای زۆربەی مێژوونووسان ئەبو موسلم بڕوای بە زەردەشتی بوو (بەهدینی زەردەشتی)، بە (سیاە عەلەمان - ئاڵا ڕەشەکان) یان جەمانە ڕەشەکان دەناسران. بزوتنەوەی ئەبو موسلم ئامانجی سەرەکی زیندو کردنەوەی کولتووری دێرینی کورد بوو، لە ژێر سێبەری خیلافەتی ئیسلامیدا، چونکە لەو سەردەمەدا هەر بزوتنەوە و شۆڕشێکی ئایینی یان قەومی سەری هەڵدابایە زۆر بە توندی سەرکوت دەکرا، وە لە سەردەمی خیلافەتی عەباسیدا، سوفیگەری کەش وهەوایەکی گونجاوی بۆ ڕەخسا تا کولتووری دێرین موتوربە بکەن لە گەل ئایینی ئیسلامدا، یان هەر بە نهێنی مەراسیمی ئایینی دێرینی خۆیان ئەنجام بدەن بە ناوی سوفیگەرییەوە، ئەبو موسلم بۆیە ڕۆڵیکی گەورەی بینی لە دروستبوونی خەلافەتی عەباسییەکاندا تا هەلی بۆ برەخسێ ئەو ڕوڵە بگێرێ لە زیندووکردەوە و پەرەپێدانی کولتووری دێرین. بۆیە دانیشتووانی ئەو ناوچانەش بە پەرۆش بوون تا رزگاریان بێت لە زوڵم و زۆرداریی کەران.

**سەرچاوەکان**

١. الدباغ ، تەقی(١٩٨٣) العراف غی التاریخ. بەغدا ، دار الحریە للطباعە.

٢. الصویرکی، محمد علی حسین (٢٠٠٦) معجم اعلام الکرد فی التاریخ الاسلامی و العصر الحدیث فی کردستان و خارجها، السلیمانیە، مؤسسە زین .

٣. الطبری، أبو الجعفر محمد بن جریر(٢٠١١). تاریخ الطبری تاریخ الأمم والملوک, الطبعە الثانیە, بیروت- لبنان. بیروت: دار الکتب العلمیە.

۴. العلی, د. صالح احمد(١٩٨٣ ) العراق فی التاریخ. بغداد: دار الحریە للطباعە.

۵. بغدادی ابومنصور عبدالقاهر(١٣٥٨). الفرق بین الفرق در تاریخ مذاهب اسلام. دکتر محمد جواد مشکور. تهران انتشارات اشراقی.

۶. بلاذری احمدبن یحیی (١٣٤٦). فتوح البلدان، ترجمە آذرتاش آذرنوش، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران.

٧. پولاندیان، ئەرشاک( ٢٠٠٦) کورد لە سیبەری خەلافەتی ئیسلامیدا، وەرگێڕانی ستار شیخانی ، چ١ ،کەرکوک، چابخانەی ئارابخا.

٨. داوودی رەمەزان شەریف(٢٠١٠) لورستان الکبری ، دهۆک ،چاپخانەی خانی.

٩. رەشید، جمال(٢٠٠٢). کرکوک فی العصور القدیمە، طبعە١، أربیل. چاپخانەی ئاراس.

١٠. رهدار حسین حسن زادە (٢٠١٠). جستاری بر واژەی "بابا" "پیر" و تاریخەی دوبیتی های زاگرس نشینان. لور, ٢٥٥-٢٨١.

١١. ڕۆژبەیانی, محەمەد جەمیل (٢٠٠٠). چوار دەولەتی کوردی فەرامۆشکراو،. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

١٢. رؤوف, عمار عبدالسلام. (١٩٨٠). الوضع التاریخی لمدن و اراضی الحدود البریە للوطن العربی. بغداد: جمعیە المؤرخین و الاثاریین فی العراق.

١٣. زرین‌کوب عبدالحسین (١٣٣۶). دو قرن سکوت، تهران انتشارات امیرکبیر.

١۴. زیدان جرجی (١٣٧٢). تاریخ تمدن اسلام، ترجمە و نگارش علی جواهر کلام، تهران انتشارات امیرکبیر.

١٥. سولتاني, محمد علی. (٢٠١١). بزووتنەوە و سەرهەلدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

١٦. عبدالغنی حسن محمد. (١٣٥٤). ابومسلم خراسانی، ترجمە شفیعی کدکنی، انتشارات امیرکبیر.

١٧. عابد, د.ێالح محمد (١٩٧٩). ،حمله السلطان مراد الرابع لاستعاده بغداد ١٦٣٨. مجله المورد، العدد ٤، المجلد٨.

١٨. عەبدول, جەنەرال شیخ محەمەد. (٢٠١٩). نیشتیمانی کورد، وەرگیرانی جەهانگیر حەمید بەرزنجی. هەولێر: ناوەندی فێر بوون.

١٩. فولتز، ریچارد س.. (٢٠١١). ئایینەکانی رێگای ئاوریشم، وەرگێرانی کازیوە، چاپی ١. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.

٢٠. طبری محمدبن جریر(١٣٦٨-١٣٧٥). تاریخ طبری. ترجمە ابوالقاسم پاینده. تهران نشر اساطیر.

٢١. طاهری، طیب.(٢٠٢٠). جغرافیای پهلویان و گوران تا قرن پنجم (ه.ق)، وەرزنامە شنروێ سال یەکم ژمارە١ لاپەرە٥٣.

٢٢. قادری, زکریا. (٢٠١٨). کورد ناسی، وەرگیرانی سەلام بەهرامی. چاپخانەی تاران.

٢٣. مەردۆخ, محەممەد.(٢٠١١). مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێرانی زانەر محەمەد، چ١. هەولیر: لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر.

٢٤. موراد‌ی, گولمراد.(١٩٩٩). نیگاهی گوزەرا بە تاریخ و فەلسەفەی ئەهلی هەق (یارسان) چ١، سوید: کتابفورشی و انتشارات ارزان سوئد.

٢٥. میران, رەشاد. (٢٠١٠). چەند بابەتێکی ئەتنوکۆمەڵایەتی ،چ ١. دهوک: چاپخانەی خانی.

٢٦. یوسفی، غلامحسین. (١٣٧٨). ابومسلم سردار خراسان، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.